# هەڵسەنگاندنی لیبراڵیزم لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە

**توێژینەوە: د. کامران ئەمین ئاوە**

**پێشەکی.** بە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت و بلۆکی خۆرهەڵاتی سۆسیالیستیی لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، لە بەرامبەر هێزی چەپ گەلێک پرسیاری جیددی سەبارەت بە سۆسیالیزم و هۆی سەرنەکەوتنی لەم وڵاتانە، زاڵبوونی سەرمایەداریی بەسەر چەندین قەیرانی گەورەی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی، گەشەسەندنی سیستەمی خزمەتگوزاریی بە تایبەتیی لە وڵاتە ئورووپاییەکان و هتد ... هاتە پێش و داهاتووی سۆسیالیزم کەوتە ژێر ڕەخنەی توندی لیبراڵەکان و تەواوی هێزە دژ چەپەکانی جیهانیی. ئەوان بە پێداگریی لەسەر ئەم خاڵە کە ڕووخانی وڵاتە سۆسیالیستییەکان بە مانای سەرنەکەوتنی بیرو هزری سۆسیالیستیی بە یەکجاریی و سەرکەوتنی بیری لیبراڵییە، بەم ئاکامبەندییە گەیشتوون کە مێژووی بە کارهێنانی چەمکی سۆسیالیزم بە یەکجاریی کۆتایی پێهاتووە. بەم پێیە پێویستە ئاوڕێک لە مێژوو و بیری لیبراڵیزم بدەینەوە تا ببینین تا چ ڕادەیەک لیبراڵیزم توانیویێتی وڵامدەری ویستی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بێ‌و بتوانێ خۆی وەکو بەدیلێکی بەهێز بۆ سۆسیالیزم پێناسە بکات؟ سۆسیالیستەکان بە گشتیی و کوردی سۆسیالیست بە تایبەتیی لە ڕەوتی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی‌و چینایەتیی لە کوردستاندا پێویستە چ هەڵوێستێکی لە بەرامبەر بە دیمۆکراسیی بۆرژوایی یان لیبراڵی بێ؟

**هەڵسەنگاندنی لیبراڵیزم لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە.**

مێژووی سەرهەڵدانی لیبراڵیزم دەگەڕێتەوە سەدەی ١٧ی زایینیی کە هاوکاتە لەگەڵ لەناو چوونی پێوەندیی فیودالیی و پێکهاتنی کۆمەڵگەی تازە پێگەیشتووی سەرمایەداریی. پرۆتێستانە ڕادیکالەکان هەوەڵین لیبراڵەکان بوون کە بە نێو بەرگریی لە ئازادیی تاک لە بەرامبەر پلەو پایەی نائاییینیی و ئۆلیی ڕاوستان و بەم باوەڕە بوون کە خەڵکی ئاسایی توانایی داوەرییان سەبارەت بە کاروباری دەوڵەت و هەڵبژاردنی ڕێگەی گەیشتنیان بە ڕزگاریی هەتاهەتایی هەیە. هەر لەو کاتەوە لیبراڵەکان بوون بە ڕێبەری بەشێک لەو بزووتنەوانەی کە ئامانجیان ڕزگاریی تاک لە هەلومەرجی

دژوار و ئاستەمی سیاسیی، ئۆلیی، ئابوریی و هتد ... بوو. بە باوەڕی **هێرۆلد لاسکی**[1] "لیبڕاڵیزم "... بیرۆکەیەک بوو کە چینی مامناوەندی نوێ بە یارمەتیی ئەو بە دەستەڵاتی سیاسیی گەیشت". لیبڕاڵیزم بە تەواویەتی بە شۆڕشی جیهانی سەرمایەداریی پێوەند دراوە، لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە بەرگریی لە مافی کۆکردنەوەی دارایی خۆیی دەکەن و تا کۆتایی سەدەی نۆزدە دژ بە دەستەڵاتی ئەریستۆکراتەکان[2] بوون. بە وتەی **لاسکی** "ئەم ئایدۆلۆژییە ناچار لە ئاکامی ئەو بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیانە پێکهات کە پێوەندییان پێیەوە بوو".

چەمکی لیبڕاڵ تا سەرەتای سەدەی ١٩ زۆرتر لە چوارچێوەی ئازادبیرکردنەوە و سازاندا خۆی نیشان دەدا، بەڵام لەوە بەولاوە وشەی "لیبڕاڵیزم" لە پێوەندیی لەگەڵ حیزب و بزووتنەوکاندا بە کار هێندرا. سەرەرای ئەوەی کە مێژووی لیبڕاڵیزم تا ڕادەیەکی زۆر مێژووی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئازادیی لە بەرامبەر حکوومەتی خۆسەرانە، وشکەڕۆیی ئایینیی، مافە نارەواکانی ئابووریی و بێبەشبوونی نادێموکراتیکی تاک لە مافێ دەنگدان بە هۆی سەرمایەداریی سەربزێوە، خوێندنەوەی لیبڕاڵەکان لە ئازادیی لە درێژایی مێژوودا یەکسان نەبووە و لە نێوان خوێندنەوەی **پارێزکارەکان** و **سۆسیالیستەکان**دا لە نەوەسان ماوەتەوە. لیبڕاڵە سەرەتاییەکان لە خەباتی دژ بە حکوومەتی خۆسەرانە و مافە تایبەتمەندییەکانی ئەریستۆکراتەکان دەیانویست چوارچێوەو سنووری دەستەڵاتی دەوڵەت کەم کەنەوە و پاشگەزیان بکەنەوە. ئەوان بەم باوەڕە بوون کە ئازادیی تاک بەستراوە بە بەهرەمەندبوون لە بەشێک لە ئازادییە مەدەنییەکان بە دوور لە دەستێوەردانی دەوڵەت وەکو ئازادیی کۆکردنەوەی سامان و دارایی و مافی دەربڕینی بیروڕا و پێرەویی کردن لە بانگی ویژدان لە کارو باری ئایینییە. بە وتەیەکی دیکە ئازادیی یانی نەبوونی کۆسپێ جۆراوجۆرە و کۆمەڵێک (Collective) کاتێک ئازادە کە هەر کەس بتوانێ بە کەمترین دەستێوەردانی خەڵکی دیکە یان دەستەڵاتی گشتیی، خاوەن دەسەڵاتی خۆی و "دارایی"یەکانی(بە وتەی **جان لاک**[3]) بێ. ئەم چەشنە ئازادییە کە وەکو "**ئازادیی نەرێنیی**" پێناسە دەکرێ و بیرمەندەکانی کلاسیکی لیبڕاڵیزم وەکو **جان‌لاک**، **بێنژامین کۆنستانت**[4] و **جان ستوارت‌میل**[5] تیۆریزەیان کردوە، پاکانە بۆ دوکترینی[6] "**دەوڵەتی لانیکەم**" دەکات. بە باوەڕی **ئایزا بێرلین**[7] مەبەست لە ئازادیی

---

[1] Harold Joseph Laski (30 June 1893 – 24 March 1950)
[2] Aristocrats (بەگزادە، شارزادە)
[3] John Locke (29. August - 28. Oktober 1704)
[4] Benjamin Constant, ( 25. Oktober 1767 - 8. Dezember 1830)
[5] John Stuart Mill (20 May 1806 – 8 May 1873)
[6] Doctrine، یاسا بنەڕەتییەکان
[7] Sir Isaiah Berlin (6 June 1909 – 5 November 1997)

نەرێنیی ئەو بارودۆخەیە کە تێدا وێچوونی گەشەکردنی تاک بێخورتی دەرەکیی هەبێ. لەوەدەچێ خورتی دەرەکیی لە لایەن مرۆڤێک، ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتیی یان حکوومەتەکان و تەنانەت ئایدۆلۆژیای زاڵ بەسەر کۆمەڵگە یان تاکدا بێ. بەم پێیە ئازادیی نەرێنیی هەمیشە وەکو کارێکی ئازادیخوازانە لەقەڵەم دراوە و دەکرێ وەکو ئازادیی لە دەستەڵاتی دەرەکیی پێناسە بکرێ. **ئیمانوێل کانت**[8] ئازادیی نەرێنیی وەکو سەربەخۆیی و ڕەتکردنەوەی هەرچەشنە بەستراوەیی پێناسە دەکات. لەم پێوەندییەدا **مارتین هایدیگێر**[9] پرسیار دەکا" سەربەخۆیی لە چی ناوی ئازادیی بە خۆ دەگرێ؟بە وتەیەکی دیکە ئەم سەربەخۆییە چۆن دیاریی دەکرێ؟ لە ئازادیی نەرێنییدا گورگ و مەڕ هەر دوو مافێکی بەرامبەریان هەیە و ناکرێ گۆڕانکارییەک لە کوژرانی مەڕ بە دەستی گورگ بکردرێ. یەکێک لە لاوازە سەرکییەکانی چەمکی"ئازادیی نەرێنیی" مانای نەبوونی بەرتەسکیی واتە "نەبوونی کۆسپە". بەتەواویەتیی دەرهێنانی بەشێک لە بوارەکان، بۆ وێنە چوارچێوەی خاوەندارێتیی لە بڕیارە گشتییەکان، نە تەنیا نابێتە هۆی پەرەسەندنی ئازادیی تاک و لە ناو بردنی کۆسپەکان، بەڵکوو تەنیا جێگای کۆسپەکان دەگۆڕێ و لە ناوی نابا. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە پێشگیریی ڕەهای لیبڕالیزمی زێدەخواز لە مافی خاوەندارێتیی بکرێ. بە پیرۆز زانینی مافی خاوەندارێتیی بڕیاردەریی بۆ خاوەندارێتیی لە چوارچێوەی بڕیارە گشییەکان دەردێنێ و کۆسپێکی تازە بۆ گەیشتن بە سامان و دارایی و سەرچاوە ئارایییەکان بۆ ئەو کەسانەی پێک دەهێنێ کە خاوەندار نین. ئازادیی نەرێنیی بە باوەڕێک نە تەنیا چەمکێکی وورد نییە بەڵکوو چەشنە ئوستوورەیەکی شیاوی تێگەیشتنە کە ڕەخنە گرتن لەو کارێکی هاسانە. بۆ تێگەیشتن بەم مەسەلەیە دەکرێ لە بۆچوونێکی ژێربێژانەی ساکار کەڵک وەربگیرێ کە **هانز کێلزێن**[10] یەکێک لە فیلۆسۆفە قانوونناسەکانی هاوچەرخ شی کردۆتەوە و لە ڕوانگەی ژێربێژیەوە گەلێک وورده. بە پێی ئەم بۆچوونە هەر چەشنە مافێکی قانوونیی و هەر ئیزندانێک، بەرامبەر بە یەک ئەرک یان کۆسپێک بۆ کەسانێکی دیکەیە. "دەستوور و ڕێسا کاتێک ئیزن و ماف[بە کەسێک] دەدا کە ئەرک، کار و خزمەتێکی دیارییکراو بەسەر کەسانێکی دیکەدا داسپێنێ". هەر چەشنە ڕێسا یان قانوونێک بۆ کارو چالاکیی ئازادانەی تاک دەبێتە هۆی پێکهاتنی بەربەست و کۆسپێکی نوێ. بە وتەی **ئایزا بێرلین** نووسەری ناودار و بیرمەندی لیبڕاڵ بۆئەوکەسانەی کە لایەنگریی لە ئازادیی نەرێنیی دەکەن "گرینگ ئەوە نییە چ کەسێک ئەمر دەکا، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە لە چ بوارێکدا(بێ

[8] Immanuel Kant (22 April 1724 – 12 February 1804)
[9] Martin Heidegger (26 September 1889 – 26 May 1976)
[10] Hans Kelsen (October 11, 1881 – April 19, 1973)

دەستتێوەردانی خەلکی دیکە) دەستەلاتدارم". بەم مانایە، لیبڕاڵە سەرەتاییەکان بە ڕەواڵەت پێڕەوی ئەو بیرە پارێزکارانە بوون کە "ئازادیی لە کۆمەڵگەیەکدا گەشە دەکا کە خەڵکەکەی خاوەنی ئازادیی کەسبوکارێک بن کە رادەی داسەپانی بەرتەسکییەکان لە بەرامبەر بەرزەفڕیی تاک لە ئاستێکی زۆر نزمدا بێ".

لە بەرامبەر "ئازادیی نەرێنیی" باس لە **"ئازادیی ئەرێنیی"** دەکرێ، بە پێی وتەی **نۆربێرتو بۆبیۆ**[11] مافناسی ئیتالیایی ئەم چەشنە ئازادییە بە مانای"توانایی ملنەدان بە یاساکان بێجگە لەوانەیە کە من خۆم پابەند بە ڕێزگرتنیان دەزانم". لە لایەکی دیکەش ئازادیی ئەرێنیی بە مانای ڕادەی بەشداریی تاک لە دەستەلاتی گشتییو دیاریکردنی بڕیار و یاساکانی دەربەستیهێنەر بۆ هەمووانە. بە باوەڕی **ئایزیا بێرلین** مەبەست لە ئازادیی ئەرێنیی ناسین و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکانی ئارایی بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیارییکراوەکانە. لە چوارچێوەی ئازادیی ئەرێنییدا بۆ بەرتەسککردنی کۆسپەکان، پیویست بە ڕەوشت و قانوونگەلێک بۆ بەرتەسککردن یاخود ڕێ پێ نەدان بە کوشتنی مەڕ بە دەستی گورگە. لە ڕوانگەیەکەوە **"کارل مارکس**[12]**"** وەکو بیرداڕێژی ئازادیی ئەرێنیی پێناسە دەکرێ، **ئەستەڤانۆ پێترۆچیانی**[13] فیلۆسۆف سیاسەتوانی ئیتالیایی پێیوایە **مارکس** لە چەمکی لیبڕاڵیی مۆدێرنی ئازادیی وەکو نرخێک(ئەرزش) دەست پێدەکا تا پیشان بدات کە چۆن لە کۆمەڵگەی ڕاستەقینەی بۆرژوازیدا حاشا لەم نرخە کراوە و خەیانەتی پێکراوە. **مارکس** نیشان دەدات کە وەدیهاتنی بە بەهرە و تەواوی ئازادیی تاکەکان پێویستیی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بنەماکانی ئابووریی و سیاسیی کۆمەڵگە یانی دابەشکردنی خاوەندارێتیی و دەزگاکانی دەوڵەتیی هەیە. **مارکس** نە بەپێی چەمکەگەلێک وەکو بەرامبەریی و دادپەروەریی ڕەخنە لە پێوەندییە ئارایییەکان دەگرێ، بەڵکوو بەردەوام ڕەخنەی ئەو لە ئاستێک لە پێوەندییە ئارایییەکان بووە کە بە باوەڕی ئەو ئازادیی تاکی پێشێلکراوەتەوە.

**مارکس** لە کتێبی"**بنەماڵەی پیرۆز**"دا دەنووسێ: "ئازادیی مرۆڤ نە بە پێی توانایی نەرێنیی پارێزکردن لەم یان ئەو[شت]، بەڵکوو بە پێی توانایی ئەرێنیی بایەخدان بە تاکیەتیی تایبەتمەند بە خۆیەتی".

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بەشێکی زۆر لە لیبڕاڵەکان کە **لیبڕاڵی "پێشکەوتوو"** یان "**نوێ**"یان پێ دەگوترا بەو ڕاستییە گەیشتن کە نابەرامبەریی زەقی سەرمایەداریی خوازیاری ڕکبەرکێ، تێکدەری ئازادیی خەلکێکە کە هەوڵدانیان بۆ زیندووومانەوە کات و ساتێکی وەهایان بۆ کەڵکوەرگرتن لە

---

[11] Norberto Bobbio (October 18, 1909 – January 9, 2004)
[12] Karl Marx (5 May 1818 – 14 March 1883)
[13] Stefano petrucciani

توانایی خۆیان ناهێڵێتەوە. ئەوان بە مەبەستی هێنانەخوارەوەی ئاستی بێکاریی و بەرزکردنەوەی مووچە، بوون بە لایەنگری دەستێوەردانی دەوڵەت لە کارو باری ئابوریی، هەروەها پێداگرییان لەسەر دەرمان و مافەکانی خۆشبژیویی دیکە بۆ هەمووان دەکرد. ئەم لیبڕاڵانە هەر چەند لە پێوەندیی لەگەڵ وەلانانی باوەڕی پێشینییانی خۆیان بە سەرمایەداریی سەربزێو و بێزار لە نابەرامبەرییەکانی زەقی ئابوریی بازاڕ، هاوبیری سۆسیالیستەکان بوون، بەڵام هاوکات ئامادەی وەلانانی تەواوی فەرزکراوەکانی پێشینییانی خۆیان، یەک لەوان ئەوەیکە "سیستەمی ئابوریی لەسەر بنەمای پێشبڕکێ، کاتێک دادپەرەورانەیە کە مووچە بە پێی لێهاتوویی تاک دابەش بکرێ" نەبوون.

بە باوەڕی ئەوان "لە کۆمەڵگەیەکی لیبڕاڵیدا بە هۆی ئەوەی کە ئازادیی لە بنەڕەتەوە، **ئازادیی پێشکەوتن** و **پاشکەوتنیش** لە خۆ دەگرێ و لیبڕاڵەکان ناتوانن لە مەر بەرژوەندیی تاکێک کە بە شێنەیی دەڕوا بەرژوەندیی تاکێک بەرتەسک بکەنەوە کە بەخێرایی دەڕوا ، ناتوانێ بەرامبەرخواز بێ". بەم پێیە دەبینین لیبڕاڵە نوێیەکان هاوکات لەگەڵ پارێزکارەکان ئازادیی وەکو مافی خەڵک بۆ هەوڵدان بۆ وەدەسهێنانی سامان و دارایی پێناسە دەکەن و هاوکات وەکو سۆسیالیستەکانیش پێیان وایە ئازادیی لە ناودەچێ مەگەر ئەوەی کە هەر کەس توانایی دەست پێڕاگەیشتنی بە دەرفەتەکانی ژیان بێ.

**جان ڕۆڵز**[14] فیلۆسۆفی ئەمریکی و یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی سەر بە ڕشتەی "**لیبڕاڵیزمی کۆمەڵایەتیی**" کە خوازیاری "پێرەویی بەرامبەریی لە ئازادییە"، پێرەوی بنەواشەیەکی گەڵاڵەکراو لە چەشنێکی بەرتەسکە. ئەو بەکارهێنانی ئەم بنەواشەیە تەنیا "لەسەر بنەمای "**ئاستی لانیکەمی داهات**" بە شیاوی ڕێزگرتن دەزانێ. هەڵبەت ئەم بۆچوونە بەلانی کەم لە جیهانی سێهەم(کە زۆرترین بەشی گۆی زەوی لە خۆدەگرێ) جێبروا نییە، تەنانەت ئەگەر مانای ڕواڵەتیی ئەم بنەواشە بەرتەسکەی **ڕۆڵزیش** لەبەرچاو بگرین، بە باشی دەبینین کە سەروەریی ئازادیی بەسەر بەرامبەریدا لە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداریی و بەتایبەتیی ئەمریکادا، دەچێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە لەم وڵاتانەدا "چوونەسەرەوەی ڕێژەی هەژاران" حاشاهەڵنەگرە و ڕێژەی ناوچە هەژارنشینەکان و تەنانەت هەڵەخۆرەکان بە پێی لێکۆڵینەوەکانی پرۆفسۆر **لاری براون**[15] لە زانستگای هاروارد و سەرۆکی "گرووپی زەبری پزیشکەکانی دژ بە برسێتیی" سەقامگیریشە. لێرەدا

---
[14] John Bordley Rawls (1921–2002)
[15] Larry Brown

به باوەڕی **مارکس** (پێش ئەویش **فریدریش هێگێل**[16])لە "**ئاستی لانیکەمی داهات**" نە تەنیا سەروەریی ئازادیی لەبەراوەرد لەگەڵ بەرامبەریی لەرزۆکە و لێک هەڵدەوەشێتەوە، بەڵکوو لەم حاڵەتەدا ئازادیی بوونی دەرەکیشی نابێ، بە وتەیەکی دیکە "دابینکردنی ئازادیی لە مسۆگەرکردنی لانیکەمی بەرامبەریی جیاناکرێتەوە".

**مارکس** و **ئینگێلس**[17] لە هەوەڵین ژومارەی **گۆڤاری کۆمۆنیست (١٨٤٧)** سەبارەت بە پێوەندیی ئازادیی تاک، بەرامبەریی و پێکهاتنی بارودۆخی پێویست بۆ گەشەسەندنی ئەم ئازادییە، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە پێیان وایە دامەزرێنەرانی بیری کۆمۆنیزم بایخێکیان بە ئازادیی تاک لە بەرامبەر بە یەکسانیی و بەرامبەریی نەداوە، نووسیویانە: "ئێمە لەو چەشنە کۆمۆنیستانە نین کە دەیانەوێ ئازادیی تاک لە ناو ببەن و جیهان بکەنە سەربازخانەیەکی مەزن یان کارگایەکی زەبەلاحئاسا. بێگوومان هەن ئەو کۆمۆنیستانەی کە خاوەندارێتیی خۆیی کۆسپێک لەسەر ڕێگەی هاوئاهەنگییەکی تەواو دەزانن و بە ویژدانێکی ڕاحەت حاشا لە پێناسەکردنی خاوەندارێتیی خۆیی دەکەن و پێیان خۆشە بە یەکجاریی لە جیهاندا بیسڕنەوە، بەڵام ئێمە مەیلێکمان بە گۆڕینی ئازادیی لەگەڵ یەکسانیدا نییە. ئێمە بەم باوڕە گەیشتووین ئازادیی لە هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا بە ئەندازەی ئەو کۆمەڵگەیەی کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی کۆیی پێکدێ، دەستەبەرناکرێ". هەروەها بە باوەڕی **مارکس** "خۆدانەدەسەوە مەترسییەکی کوشندە بۆهەر بوونەوەرێکە، بەم پێیە نەبوونی ئازادیی مەترسییەکی بە ڕاستی کوشندە بۆ مرۆڤە". ئازادیی مارکسی بێگوومان لایەنی بنەڕەتیی ئازادیی دێمۆکراتیک لەخۆدەگرێ و بەم پێیە ئازادیی بریتییە لە چاودێریی کۆی خەڵک بەسەر بارودۆخی ژیانی هاوبەشیاندا.

**مارکس** لە کاپیتاڵدا دەنووسێ: "کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان بە چەشنێکی عەقڵانیی ئاڵوگۆڕی ئۆرگانیکی تایبەتمەندیی خۆیان لەگەڵ سروشت ڕێکوپێک دەکەن، ئەوان بە جێگەی ئەوەی کە لە ڕێگەی ئەم دانووستانەوە وەکو هێزێکی کوێر ببزوێندرێن، بە چەشنێکی هاوبەش [ئەم دانووستانە] کۆنترۆڵ دەکەن" یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی بیری مارکس، پێداویستیی ئازادیی بە تێپەربوون لە پێوەندییەکانی تێکەڵ بە توندوتیژییو زۆرداری، هەروەها پێشبڕکێی نێوان تاکەکان بە قازانجی پێوەندیی لە چەشنی هاوپاریی[تعاونی]و کۆمەڵە. **مارکس** لە کتێبی **ئایدۆلۆژیی ئاڵمانیدا** دەنووسێ

---
[16] Georg Wilhelm Friedrich Hegel (August 27, 1770 – November 14, 1831)
[17] Friedrich Engels (28 November 1820 – 5 August 1895)

"بەم پێیە تەنیا لە کۆمەڵدایە[18]"" کە ئازادیی خۆیی مسۆگەر دەبێ". لە ئازادیی مارکسیدا چەند خاڵی بنەڕەتیی وەکو" گەشەکردنی مرۆڤ، بڕشت و توانایی تایبەتمەندییەکانی مرۆیی(لە حاڵێکدا لە کۆمەڵگەکانی ڕابردوودا گەشەسەندنی بەشێک بە حیسابی زیان و زەرەر بۆ بەشێکی دیکە تەواو دەبوو) ڕۆڵی ناوەندیی و سەرەکییان هەیە. بە باوەڕی **مارکس** "گەشەسەندنی ئازادانەی هەر کەس شەرتی گەشەسەندنی هەمووانە".

**دژوازیی[19] بیری ئازادیی لیبڕاڵی.**

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە دژوازییەکی حاشاهەڵنەگر لە بیری لیبڕاڵیستیی بکرێ کە کەمتر باسی کراوە. زۆربەی فیلۆسۆفە لیبڕاڵەکان یەک لەوان "**جان لاک**" کاتێک باسی ئازادیی و مافی تاکیان کردوە، زۆرتر مەبەستیان سپیی‌پێستەکان بووە و لایەنگرییان لە کۆیلەداریی کردووە. "**لاک**" بۆخۆی یەکێک بوو لە خاوەنبەشەکانی "**شێرکەتی پادشایی ئەفریقایی**" کە ڕێکخەری بازرگانیی و کڕین و فرۆشی کۆیلەکان بوو. **لاک** خاوەنداریێتیی کۆیلە و ئەسپی "**وەرزێرانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا**" بە پێی ئەو مافەی کە لە ڕەوتی کڕین و فرۆشی ڕێکوپێک وەدەستیان هێنابوو وەکو شتێکی سروشتی و ئاسایی پێناسە دەکا، تەنانەت "**لە مێژووی دەریاوانی**"دا سەبارەت بە بازرگانیی لەگەڵ وڵاتە ژێردەسەڵاتەکانی ئەفریقایی دەنووسێ "ئەو شتومەکانەی کە لەم وڵاتانە وەدەس دەکەون بریتیین لە زێڕ، ئاجی فیل و کۆیلەکان".

ئەگەر دبینین **لاک** کۆیلەی ڕەش‌پێست لە چوارچێوەی چەمکی "شتومەک" ڕادەبەندی دەکات، سەدەیەک دواتر **ئیدمۆند بێرک**[20](نووسەری خۆشەویستی **هایک**[21]) کرێکاری کشتوکاڵ یان کرێکاری مزبەر لە چوارچێوەی چەمکی"**ئەمرازی وێژەر**" ڕادەبەندی دەکات، و بە پێی ڕادەبەندییەکی کلاسیک، ئەوان لەگەڵ گا- "**ئەمرازی نیوەوێژەر**" و کێڵ- "**ئەمرازی بێدەنگ**" بەراوەرد دەکا. پەرەسەندنی کۆیلەداریی هاوکاتە لەگەڵ بزووتنەوەی بەهێزی بیرو هەنگاوگەلێک، کە لەسەدەی شازدە هەتا هەژدە لە ڕێگەی سێ شۆرشی مەزن لە هۆڵەند، بریتانیا و ئەمریکادا پێکهێنەری مێژووی ئەمرۆیی واتە مۆدێرن بوون. ئەمریکا لە ساڵی ١٧٠٠ی زایینیی ٣٣٠ هەزار کۆیلەی بوو، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٨٠٠ی زایینیی بە ٣ میلیۆن گەیشت و لە سەدەی نۆزدەدا هەتا دووقات زۆری کرد.

---

[18] بەراقی، کۆمەڵ. لە فارسی: همبود، ئینگلیسی: SIMULTANEOUS , SIMULTANEITY

[19] Paradox

[20] Edmund Burke (12 January 1729 – 9 July 1797)

[21] Friedrich Hayek ( 8 May 1899 – 23 March 1992)

هەڵوەشاندنی کۆیلەداریی لە وڵاتە بندەستەکانی هۆڵەند لەساڵی ١٨٦٣ زایینیی سەری‌گرت. بریتانیا لە نێوەڕاستی سەدەی هەژدە ٩٠٠ هەزار کۆیلەی بوو. دوکترینی لیبراڵ بە چەشنێکی دوولایەنە لە دایک بووە و قەت ئەم دوولایەنەبوونەی وەلا نەناوە. پەیامی ئاورینی لیبراڵەکان کە لە ژێرکاریگەریی ئایدۆلۆژیی ئاڵمانیی تەنیا بۆ ئازادیی خۆیی شارومەندەکانی سپی‌پێست، دەرەبەگ و خاوەندار و ئاغاکان، بێ هەرچەشنە گریمانەیەک بە زمانی ئینگلیزی هەمبەر کرابوو، هەروەها حاشاکردن لە زوڵم و زۆرێک کە نەتەنیا بە ڕەنگ‌پێستەکانی وڵاتە ژێردەستەکان، بەڵکوو سەبارەت بە خەڵکی "وەحشیی" ئیرلەند یا سوورپێستەکانی ئەمریکیش دەکرا، لە مێژوونووسیی لیبراڵەکاندا بە تەواویەتیی شاراوە ماوەتەوە، هەروەها لە بیربردراتەوە کە چۆن بەگزادەکانی دێموکرات و بە نێوبانگی لیبراڵ یەک لەوان "**توکویکل**[22]"ی فەرەنسی بە هاسانی لە نوسراوەیەکی خۆیدا پاکانە بۆ کۆمەڵکوژیی سوورپێستەکان دەکا و دەبێژێ "ئاوا دێتە بەرچاو کە ویستی خودایی بۆ نیشتەجێکردنی سوورپێستەکان لە ناوچەیەکی پڕبەرەکەتی جیهانی نوێدا، تەنیا بۆ کەڵکوەرگرتنیان بۆ ماوەیەکی کورتەخایەن بووە، واتە ئەوان تەنیا بۆماوەیەکی کاتیی لێرە ژیاون. ئەم زرێبارانەی ئامادە بۆ بازرگانیی و سەنعەت، بەم چۆمە قووڵانەوە، ئەم دۆڵە هەتاهەتاییەی می‌سی‌سی‌پی، ئەم پارزەوینە(قاڕڕە)گەورەیە وەکو بێشکەیەکی خاڵیی بۆ نەتەوەیەکی گەورە پێک هاتووە".

هەروەها "**گروسیوس**[23]" یەکێک لە باوکەکانی دوکترینی لیبراڵ لە سەدەی ١٧ی زایینیی، کۆیلەتیی بە شتێکی شەرعیی پێناسە دەکا و بەپێی ڕێنوێنییەکانی **ئەرەستوو**[24] دەنووسێ "خەڵکێک هەن کە بۆ خزمەتگوزاریی لە دایک دەبن". ئەو دانیشتوانی وڵاتانی ژێردەسەڵاتی هۆڵەند وەکو "حەیوانی وەحشی" نێودەبا و ئایینەکەیان وەکو"شۆڕشێکی دژ بە خودا" پێناسە دەکا و شیاوی بێ‌بەزەییانەترین"سزای تاوانبارانیان" دەزانێ. ئەمە نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە ئەمە لە هیچ حاڵەتێکدا بە مانای لادان یان هەڵەی کاتیی لیبراڵەکان نییە، بەڵکوو ئەمە پیشاندەری بیرو هزری ڕەگەزپەرەستانەی ئەو لیبراڵانەیە و سەرچاوەی لە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئەوان لە چەمکی مرۆڤ‌و ئازادیی وبەرامبەریی مرۆڤ گرتووە. بێهۆ نییە کە **هایک** ئابووریناس و لیبراڵی ئینگلیزیی بە ڕەچەڵەک ئوتریشی[نەمساویی] ڕەخنە لە گونجاندنی" مانای"ئازادیی لە پێوەندیی لەگەڵ پێداویستیی" لە ڕیزی "مافی کۆمەڵایەتییو ئابووریی" ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤ،

[22] Alexis-Charles-Henri Clérel de Tocqueville (29 July 1805 – 16 April 1859)
[23] Hugo Grotius (10 April 1583 – 28 August 1645)
[24] Aristotle (384 – 322 BC)

پەسەندکراوی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینیی دەگرێ کە لە لایەن **ئانا ئەلینۆر ڕۆزوێلتەوە**[25] گەڵاڵە و تیۆریزە کرابوو.

## سێ بیرۆکەی سەرەکیی لیبراڵەکان:

**١. "بازاڕ" وەکو نوێنەری عەقڵانییەتی ئابووریی[26] لە دەرەوەی هەر چەشنە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوە(بە وتەیەکیتر بێ بازاڕ، تەنیا بێسەرەوبەرەیی دەبیندرێ).** بە پێچەوانەی ئەم بیرۆکەیە، ئەوە بازاڕ نییە کە دەبێتە هۆی عەقڵانیکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو ئەمە چوارچێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە چۆنیەتی کاری بازاڕ دیاریی دەکات. سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی ئەگەر نەتوانێ پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین بکات، ناتوانێ عەقڵانی بێ. بێکاریی، جەمسەریکردنی ڕەوتی پەرەسەندنی جیهانیی و لە نێوبردنی ژینگە، هێمای ناعەقڵانیبوونی دامودەزگایەکە کە دەکرێ وەکو "سەرمایەداریی بە راستیی ئارایی" پێناسە بکردرێ. ئەم دیاردە نەرێنییانە، بە چەشنێکی پەتی و سادە، بەرهەمی پێویستیی(حاشالێنەکراوی) بازاڕن. عەقڵانییەتی بازاڕ، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی ناعەقڵانییەتی دامودەزگای کۆمەڵایەتیی.

**٢. درگایەکی تەواو کراوە بۆ دامودەزگای جێهانیی، مەرجی هەرچەشنە پەرەسەندنێکە(بە وتەیەکی دیکە، یان بازرگانیی ئازاد یاخود چاولێقووچاندن لە هەر چەشنە پەرەسەندنێک).** ئەم بیرۆکەیە کە "پەرەسەندن" بەستراوە بە بارودۆخی نیوخۆیی، تایبەتمەند بە هەر کۆمەڵگەیەکە و تێکەڵاوبوون لە ئابووریی جیهانیی فاکتەرێکی ئەرێنییە، بەو مەرجەی کە بزانین چۆن لەو دەرفەتانەی کە پێکیدەهێنێ کەڵک وەربگرین، بنەمای ئەم گریمانەیە. ئەم بیرۆکەیە نە تەنیا لەگەڵ مێژووی ٥ سەدە پەرەسەندنی سەرمایەداریی یانی جەمسەریکردنێکی بێوچان دژایەتیی هەیە، بەڵکوو لە ڕوانگەی زانستیشەوە دروست نییە. ئەم "بازاڕە جیهانییە" کە باسی لێدەکرێ، وەکو گیانێکی بێسەر، بەستراوە بە شتومەک و سەرمایەوەیە. سەرەرای کۆچکردنی نێونەتەوەیی هیچ کاتێک باسێک لە "**بازاڕی کاری جیهانیی**" نەکراوەو بۆ داهاتووش جارێ هیچ ئاسۆیەک بۆ پێکهاتنی ئەم بازاڕە نابیندرێ. بیرۆکەی ئابووری لیبراڵیی بۆخۆی دەیسەلمێنێ کە جووڵەی فاکتەرێکی بژاردە، کاتێک جوغرافیای سیاسییو سروشتیی دوو هۆکاری دیکەی (واتە کارو سەرچاوە سروشتیەکانی) قەتیس کردۆتەوە، ناتوانێ بێتە هۆی پێکهاتنی توانایی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی جێهانی یەکسان و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی

[25] Anna Eleanor Roosevelt (October 11, 1884 – November 7, 1962)
[26] Economic rationality

هاوتا. لە بارودۆخێکی وەهادا، یاسای جیهانیی نرخ تەنیا دەتوانێ ببێتە هۆی بەدیهاتن و سەرلەنوێ بەدیهێنانەوەی جەمسەرییبوون. لەم ڕوانگەیەوە، تێکەڵبوون لە دامودەزگای جیهانیدا لەباری سروشتییەوە نەشیاوە و ڕۆژبەڕۆژیش نەشیاوتر دەبێ. بەڕاستیی ئەگەر لەسەدەی نۆزدەدا چەن دەیەیەک پێویست بوو تا ئاڵمان بە ئاستی بریتانیا بگات، ئێستا وڵاتێک وەکو بەرازیل بۆ گەیشتن بە ئاستی ئەمریکا پێویستی بە چ ماوەیەکی زەمەنی هەیە؟ بێگوومان شکڵ و ناوەرۆکی جەمسەرییبوون لە درێژایی زەمەندا تووشی گۆڕانکاریی بووە. لە شۆڕشی پیشەیی تا شەری دووهەمی جیهانیی لە نێوان وڵاتە سەنعەتییەکان و ناسەنعەتییەکان جیاوازیی دەبیندرا. سەنعەتیبوونی جێهانی سێهەم نابێتە هۆی گومانکردن لە سروشتی جەمسەرییبوون، بەڵکوو دەبێتە هۆی دانانی نیشانەی پرسیار لەبەرامبەر چەشنە جۆراوجۆرەکانی ئەم جەمسەرییە. مکانیزمی جەمسەریکردنی نوێ لەسەر **شکڵە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتداریی** دامەزراوە: **ماڵیی**(شکڵە تازەکانی سەرمایەی ماڵیی جێهانیی)، **تێکنۆلۆژیک**(لە پێوەندیی لەگەڵ شۆرشی زانستیی و فەننیی نوێ)، **فەرهەنگیی**(لە ژێر کاریگەریی و ڕەخنەی پەرەگرتووی ئامرازی پێوەندییە گشتییەکان)، و **سپایی**. لەم بوارەدا" ئەو وڵاتانەی کە بە تازەیی سەنعەتی بوون"(**ئێن ئی سی‌یەکان**) نیوەپەراوێزیی نین تا لە ڕەوتی بوون بە ناوەندە تازەکان بن، بەڵکوو وڵاتە پەراوێزییەکانی داهاتوون. لە بەرامبەردا، ئەو وڵاتانەی کە وەکو "**جێهانی چوارەم**" باسیان لێدەکرێ، وڵاتگەلێکی بە ڕاستیی پەراوێزیی نین، بەڵکوو وڵاتگەلێکن، کە پەرەسەندنی شکڵە سەرەتاییەکانی سەرمایەداریی بۆتە هۆی وێرانبوونیان. بارودۆخی مەترسیداری جێهانی چوارم ئاکامی"خۆپارێزیی" ئەوان لە تێکەڵبوون لە ڕەوتی دابەشکردنی نێونەتەوەیی کار و هەنگاوگەلێکی "هەرەسهێناو" بۆ پساندنی پێوەندییەکان نەبووە. لەڕاستیدا، جێهانی چوارەم کە وەکو شتێکی تازە باسی لێدەکرێ، دیاردەیەکی نوێ نییە، بە پێچەوانە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەتاهەتایی و پێویستی پەرەسەندنی سەرمایەدارییە. ناوچەی کاری کۆیلەکان لە قاڕەی ئەمریکا لە **سەردامی سەوداکاریی**(مێرکانتیلیسم[27]) وەکو باکوری ڕۆژهەڵاتی بەرازیل و دوورگەکانی هێندی ڕۆژئاوایی(یەک لەوان هائیتی) نموونەیەکی ڕوونی ئەم دیاردە تەشەنەکراوەیە. ڕۆژگارێک ئەم ناوچانە وەکو ناوچەگەلێکی بەختەوەر و ئاوەدان بە ئەژمار دەهاتن و دڵی جێهانی پەراوێزیی ئەو کاتە بوون، بەڵام دواتر پێکهاتە تازەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداریی ئەوانی خستە پەراوێزەوە و ئەمرۆکە ئەوان لە ڕیزی خەمبزوێنترین

---

[27] Mercantilism

بەشە نەعلەتکراوەکانی جیهانی سێهەمن. وڵاتەکانی جیهانی چوارەم کە ئەم دامودەزگایە ئەوانی وەلا ناوە، ناتوانن بە پێی ئەم پێناسەیە کێشەکانی خۆیان لە ڕێگەی سیاسەتی دەرگای کراوە چارەسەر بکەن. سیاسەتەکانی ئاریکاریی یەکیەتیی ئورووپاش بۆ وێنە لەگەڵ ئەفریقای باشوریی چۆڵگە هیچ کاتێک شتێکی جیا لە سیاسەتی "**داگیرکاریی نوێ**[28]" نەبووە و زیندانیبوونی ئەم پارزەوینەی لە بارودۆخی "پێش سەنعەتیدا" هەتاهەتایی کردووە، هەروەها ڕێکخستنی لیبراڵیی یەکیەتیی ئورووپاش کە داخوازی **ڕێکەوتنامەکانی کۆنتۆنۆ**(Contonou 2000)و "**شەریکە ئابوورییەکانی ناوچەی**"یە(APER)، ئەم گۆڕانکارییە ناشیاوەی بە گوژمتر کردووە. لە ڕوانگەی گەڵە جۆراوجۆرەکانی گوێ زەوییەوە یەکبوونی سەرتاسەری دامودەزگای جیهانیی لە ژێر دەسەڵاتی بازاڕدا کارێکی شیاو نییە و قازانجی بۆ ئەو وڵاتانە نەبووە و نابێ.

**٣. دیمۆکراسیی بەرامبەر لەگەڵ سەرمایەدارییە.(بە وتەیەکی دیکە، بێ سەرمایەداریی هیچ چەشنە دیمۆکراسییەک بوونی نییە.)** لە ڕاستیدا، دیمۆکراسیی بە مانای حکوومەتی خەڵکیی، واتە جەماوەری خەڵکی ئاسایی پێناسە کرابوو. لەم ڕوانگەیەوە تا ڕادەیەکی زۆر مانایەکی چینایەتیی هەبوو: یانی دەستەڵاتی نزمترین و هاوکات گەورەترین چینی[کۆمەڵگە]، هەر بەم هۆیەش خوێندەوار و دەوڵەمەندەکان، هەروەها ئەوانەی کە بایەخیان بە ژیانی شارنشینی دەدا، هەراسیان لە دیمۆکراسیی بوو و وەلایان دەنا. دیموکراسیی وەکو بۆچوونێکی یەکسانیخواز لە سەدەی ٥ی پێش زایین لە لایەن **ئەفلاتوونەوە[پلاتۆ]**[29]، هەروەها هەر بەو ڕاشکاوییەش لە سەدەی حەڤدەی پاش زایین لە لایەن **کرامۆڵەوە**[30] وەلانرا، تەنانەت هاوپەیمانە چەپخوازەکانی کرامۆڵ لەشەری نێوخۆیی ئینگلیس، واتە ئەو **یەکسانیخوازانە**ی کە لەسەر کێشەی مافی دەنگدان لێی جیاببونەوە، دیمۆکراسیان قەبووڵ نەکرد و وەلایان نا. ئەوان تەنانەت بیریان لەمەش نەکردەوە کە مافی دەنگدان بە دوو لە سێی خەڵکی وڵاتێک بدەن کە مزبەر یان مووچەوەرگر بوون. بە باوەڕی یەکسانیخوازەکان ئەم کەسانە بە هۆی بەستراوەبوونیان بە کەسانێکیتر مافی بەشدارییان لە کار و باری سیاسیدا نەبوو. تەنانەت **جان ستوارت میل** بانگەشەکاری بە نێوبانگی لیبراڵیزمی سەدەی نۆزدە کە بایەخێکی تایبەتیی بە ڕۆڵی جەماوەر و خەلکی ئاسایی دەدا، چوارچێوە و سیستەمێکی بۆ مافی دەنگدان پێشنیار کرد کە چینی زەحمەتکێش نەتوانێ ببێتە زۆرینەیەکی پرکاریگەر. دیمۆکراسیی بورژوایی لە ئەورووپا، لە چەشنی سەرەتایی خۆیدا، لە شارە ئازادەکان(کە دامودەزگای هاوپیشەیی و

---
[28] Neocolonialism
[29] Plato 428/427 or 424/423 – 348/347 BC)
[30] Cromwell, Oliver 1599-1658

شورای شارداریی‌ەکان تا ڕادەیەک دەسته‌لاتی فیۆداله‌کانیان به‌رته‌سک کردبووه و ته‌نانه‌ت له به‌رامبه‌ر پاپیشدا ڕادەوەستان و سنگی خۆیان وه‌پێش دەنا)، سه‌رچاوه‌ی گرتووه.[31] بۆرژوازیی له‌م بوارەدا توانی پێوەندیی خۆی له‌گه‌ڵ خه‌ڵکیی به هێز بکات و پاشان ئه‌وان به شوێن خۆیدا ڕابکێشێ تا له ئاکامدا بتوانێ دەسته‌لات له دەستی فیۆداڵه‌کان دەربێنێ. دیمۆکراسیی بۆرژوایی دەستکه‌وتێکی گه‌وره بوو که توانی "مافی به‌رامبه‌ر" و ئازادیی خۆیی دابین بکات، به‌ڵام نه‌یتوانی به‌رامبه‌ریی پێکبێنێ به واته‌یه‌ک **"مافی به‌رامبه‌ر" بێ به‌رامبه‌ریی**.

له نیوه‌ی دووهه‌می سه‌ده‌ی نۆزده‌دا، بزووتنه‌وه‌ی کرێکاریی توانی دیمۆکراسیی سیاسیی به‌سه‌ر بۆرژوازیدا داسه‌پێنێ و مافی کۆمه‌لایه‌تیی وه‌دست بهێنێ، به‌ڵام ئه‌مه‌ش ته‌نیا له چوارچێوه‌ی سازان و قه‌بووڵی به‌ڕێوه‌بردنی ئابووریی کۆمه‌ڵگه له چوارچێوه‌ی داموده‌زگای سه‌رمایه‌داریی‌دا بوو، شتێک که بۆخۆشی به‌هۆی جه‌مسه‌رییبوونی جیهان و به قازانجی ناوه‌نده سه‌نعتییه‌کان سه‌ری گرت. به‌م پێیه، دیمۆکراسیی ڕۆژئاوایی به‌سراوه به ده‌سه‌لاتداریی سیاسییه، له حالێکدا به‌ڕێوه‌بردنی ژیانی ئابووریی هێشتا له‌سه‌ر بنه‌مای بنه‌واشه‌ی نادیموکراتیکی خاوه‌ندارێتیی خۆیی و ڕکبه‌رکێی‌دایه. شێوه‌ی به‌رهه‌مهێنانی سه‌رمایه‌داریی له خۆیدا پێویستی به دیمۆکراسیی نییه، به‌ڵکوو سروشتی سه‌رکوتکه‌رانه‌ی ئه‌و له ئابووری شاراوه و له خۆبێگانه‌بوونی ئابووریدایه. ڕاستییه‌کانی ژیان پیشانیان داوه که به‌رته‌سککردنی دیمۆکراسیی له چوارچێوه‌ی به‌شێک له ئازادییه‌کاندا، بێ له‌ناو بردنی ڕه‌وتی چه‌وسانه‌وه‌ی ئینسانه‌کان و داگیرکه‌ریی ولاته‌کان، ناتوانێ به چه‌شنێکی بنچینه‌یی ئه‌م کێشه‌یه چاره‌سه‌ر بکات، به واته‌یه‌کی دیکه دیمۆکراسیی سیاسیی بێ دیمۆکراسیی ئابوریی وته‌یه‌کی بێمانایه.

**سۆسیالیسته‌کان و دیمۆکراسیی لیبڕاڵیی**

به پێی لێکدانه‌وه‌کانی سه‌ره‌وه ئه‌م پرسیاره دێته پێش، ئایا هێزێکی سۆسیالیست له ولاتێکدا که ته‌نانه‌ت دیمۆکراسیی و ئازادیی لیبڕاڵیش بوونی نییه، نابێ تا گه‌یشتن به سۆسیالیزم، بۆ وه‌ده‌س هێنانی دیمۆکراسیی تێبکۆشێ و دروشمی کاتی و درێژخایه‌نی ته‌نیا له چوارچێوه‌ی گه‌یشتن به سۆسیالیزم‌دا قه‌تیس بمێنێته‌وه؟ بێگومان پێش هه‌موو شتێک پێویسته ئێمه به چه‌شنێکی میکانیکیی کۆمه‌ڵگه‌ی خۆمان له‌گه‌ڵ ئه‌ورووپا به‌راوه‌رد نه‌که‌ین، ئه‌و شتانه‌ی که ساڵیانی ساڵه له ئه‌ورووپادا

---

[31] له‌و کاته‌دا ده‌یانگوت: "هه‌وای شار ئازادت ده‌کا" ( Stadtluft macht frei). هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه، ئه‌و وه‌رزێرانه‌ی که له ده‌ستی فیۆداڵه‌کان و ده‌سته‌لاتی ڕه‌های ئه‌وان واته گونده‌کان هه‌ڵده‌هاتن، ڕوویان له شاره‌کان ده‌کرد. پادشاکانی ئه‌ورووپا هه‌وڵیان ده‌دا به یارمه‌تی شاره‌کان له به‌رامبه‌ر به قه‌لای فیۆداڵه‌کان، به قازانجی په‌ره‌دان به ده‌سته‌لاتی خۆیان خۆڕاگرن.

بۆته بەشێک لە ژیانی ئاسایی خەڵک، بۆ ئەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆریی ئۆلی و نائۆلییان تێدا زاڵە، بۆتە ئاواتێکی مەزن و جاروبار تەنیا لە چوارچێوەی خەیاڵدا دەگونجێ. لەم وڵاتانەدا خەبات بۆ وەدەستهێنانی دێمۆکراسیی بۆرژوایی بەشێک لە ئەرکەکانی چەپ و بزووتنەوەی کرێکارییەو پێویستە دێمۆکراسیی بورژوایی وەکو دەرفەت و بەربواری پەرەسەندنی دێمۆکراسیی بە قۆناخێکی بەرزتر و مسۆگەرکردنی یەکگرتوویی تەواوی ویستە دێمۆکراتییەکان لە بواری پێوەندیی نێوان جنسەکان، ڕەگەزەکان، کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەیی و فەرهەنگیی و دێموکراتیزەکردنی ئابووریی، پاراستنی ژینگە و بەربەرەکانی لەگەڵ بیرۆکراسیی دەزگا دەوڵەتییەکان لەبەرچاو بگیرێ.

ژیان و خەباتی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی دروشمی "**هەموو یان هیچ**"دا ناگونجێ و ئەمە تەنیا لە تاقیکردنەوەکانی فیزیۆلۆژیدا باوی هەیە. دێمۆکراسیی بورژوایی بە تایبەتیی لە وڵاتێک وەکو ئێران و کوردستان و هتددا … بواری درووستکردنی ئەنجومەنو یەکیەتیی پیشەییو هونەریی، ڕێکخراوەی بەرگریی لە مافی ژنان و منداڵان، بەشداریی و دەنگدانی خەڵک لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە، خەباتی پارلەمانیی، ئازادیی دەربڕینی بیروڕا لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامە و هتد …، کورتکردنەوەی دەستەڵاتی مزگەوت و هێزە ئایینییەکان لە دادوەرییو کاروباری ژیانی ئاسایی خەڵک، پێکهێنانی چوارچێوەی قانوونی دژ بە توندوتیژیی لەگەڵ ژنان و منداڵانو تەنانەت بواری پێویست بۆ وەدی هێنانی مافی ڕێژەیی نەتەوەکان [بۆ وێنە بە پێی دروستبوونی وڵاتێکی فێدراڵ یان نەناوەندیی] و هتد … پێکدەهێنێ. تەواوی ئەمانە یاریدە دەدا بە جێگیربوون و خۆڕاهێنانی دێمۆکراسییو ئازادیی لە کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی گشتیی خەڵک لە تەواوی بوارەکانی ژیان و یەک لەوان ئاگایی نەتەوەیی. دێمۆکراسیی بورژوایی بە بەراوەرد لەگەڵ سیستەمی زاڵی ئایینی لە ئێران، کە کۆمەڵگەی کردۆتە زیندانێکی گەورە و هەرچەشنە بانگێکی ئازادیی بە بەندیخانە، ئەشکەنجە و کوشتن وڵامدەداتەوە قۆناخێکی گەورە و ئەرێنییە.

**کورد و دێمۆکراسیی لیبڕاڵیی.**

حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێ لەبەرچاوگرتنی دروشمی کاتیی یان درێژخایەن[فیدراڵی، کۆنفیدراڵی یاخود سەربەخۆیی] بۆ بردنە سەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی خەڵکو ڕێکخستنیان لە نێو پێکهاتە جۆراوجۆرە سیاسیی و مەدەنییەکاندا پێویستیان بە بارودۆخێکی ئازاد و دێموکرات هەیە تا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە ژیانی ڕۆژانەی گەڵەکەیاندا هەبێ. چارەسەریی کێشەی نەتەوەییو گەیشتن بە ئاواتی لەمێژینەی کورد واتە سەربەخۆیی

ڕێگەیەکی ساف وبێ لەمپەر نییە و لە کورتەخایەندا وەدی نایە. پێویستە بۆ گەیشتن بۆ ئەم ئامانجە بارودۆخی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی مسۆگەر بکرێت تا خەڵکیی بە ئاستێک لە ئاگایی نەتەوەیی بگەن کە بتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن.
ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش باکور گەورەترین بەشی کوردستان بە پێ پانتایی وڵات، ڕێژەی دانیشتوان، ڕەنگاوڕەنگیی ئایین و زاراوەی زمان، هەروەها ئاستی ئاگایی نەتەوەیی و یەکنەبوونی پێشینەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لە ورمێوە تا دێهلۆرانە، هەروەها تێکەڵاوبوونی سنووری جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ نەتەوە دراوسێیەکان، بە تایبەتیی ئازەرییەکان یەکێک لە کێشەکانی شایانی بیرکردنەوەیە. ئەم ڕاستییە ئەمەمان پێ دەسەلمێنێ کە هەڵبژاردنی دروشمی شیاو، شێوەی خەبات و چالاکیی هێزێکی پێشکەوتنخواز بۆ چارەسەریی کێشەی کورد، پێویستە هاوئاهەنگیی لەگەڵ بارودۆخی نێوخۆیی، ناوچەییو جیهانیی هەبێ تا بتوانێ بیروڕای گشتیی و پشتیوانیی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بەرەو خۆی ڕابکێشێ. کێشەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە چەشنێکی خۆویستانە[32] چارەسەر ناکرێ و پێویستە هێزێکی بەرپرس قۆناخ بە قۆناخ ئەم ڕێگایە ببڕێت. قبووڵی ئەم ڕاستییانە بە مانای پاشگەزبوونەوە لە ئامانجی درێژخایەن واتە سەربەخۆیی نییە. کێشەی نەتەوەیی کورد تەنیا کاتێک بە یەکجاریی چارەسەر دەکرێ کە کورد دەوڵەت و کیانی خۆی ببێ، ئەم مەسەلەیەش پێویستە لە پرۆگرامی حیزبێکی سۆسیالیست لە کوردستاندا ڕەنگدانەوەی هەبێ. ئەرکی کوردی سۆسیالیست، گرێدانی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتییە بەیەکەوە، هەروەها بەرگریکردنە لە مافی چارەی خۆنووسینی کورد تا ئاستی جیایی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە نەتەوەی کوردە کە بڕیاری ئاخری خۆی دەدات، هەر ئەو جۆرەی کە خەڵکی سکاتلەند بە پێی بەرژوەندیی خۆی ئازادانە دەنگی بە مانەوە لە بریتانیادا دا، کوردیش دەتوانێ لە وڵاتێکی ئازاد، بە پێی بەرژوەندیی خۆی دەنگ بە مان یان نەمان لەو وڵاتانەدا بدات کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کردوە، بەڵام نەبوونی ئازادیی، دیمۆکراسیی و میکانیزمی قانوونی بۆ چارەسەریی ئاشتیخوازانەی کێشەی نەتەوەیی، هەروەها درێژەپێدانی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتی ناوەندیی، تەنیا دەبێتەوە هۆی ئاڵۆزتربوونی بارودۆخی

[32] Valntarysty

سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتانە و ڕادیکاڵیزەبوونی هەر چی زۆرتری بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد.

ئەم بابەتە لە ماڵپەری "ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ"دا بڵاو بۆتەوە.

**سەرچاوەکان**


١. مقدمه‌ای بر ایدئولوژی‌های سیاسی " اثری از مجموع آثار "رابرت اکلشال"، "ریچارد جي"، "وینسنت گیگن"، "اي‌ین مکنزی"، "ریک ویلفورد" و "مایکل کنی"، ترجمه محمد قائد، تهران ١٣٨٥، نشر مرکز

٢. سه چهره‌ی دموکراسی، سی. بی. مک فرسن، ترجمه مجید مددی، نشر دیگر، ١٣٨٢، تهران

٣. آینده‌ی سۆسیالیزم، (مجموعه‌ی مقالات)، ترجمه‌ی ناصر زرافشان، تهران ١٣٨٠، نشر آگاه

٤. سه مفهوم درباره آزادی: لیبرالی، دموکراتیک و سوسیالیستی، استفانو پتروچیانی
برگردان : ب . کیوان، .

٥. مسئله آزادی از دیدگاه مارکس: رابطه دیالکتیکی آزادی مثبت و منفی، استفانو پتروچیانی، برگردان : ب . کیوان

٦. برابری و مسئله های آن، دومنیکو لوسوردو ، برگردان : ب . کیوان

٧. مفهوم عمومی انسان در سنت لیبراڵی و سۆسیالیستی، دومنیکو لوسوردو، برگردان : ب . کیوان،

٨. »حقوق بشر» و «حقوق شهروند»: دیالکتیک جدید برابری و آزادی، اتین بالیبار، برگردان : ب . کیوان ،

٩. تناسخ دیالکتیک برابری به عقیده مارکس، برنارد شاوانس، برگردان : ب. کیوان،

١٠. آیا آزادی و برابری با هم سازگارند؟ ژ. آ. کوهن، برگردان : ب. کیوان،

١١. علاقه به آزادی، توجیه برده‌داری، سه نظر در مورد لیبراڵیزم، لوسین سو، ترجمه باقر جهانبانی، لوموند دیپلوماتیک فارسی ژوئن ٢٠١٣

١٢. دموکراسی و سیر تکامل تاریخی آن، احسان طبری، نوشته‌های فلسفی و اجتماعی جلد دوم، انتشارات حزب توده ایران، چاپ دوم ١٣٨٦

١٣. سه مفهوم آزادی، اسفندیار طبری، خرمگس نشریه فلسفی و اجتماعی، شماره ٢، مارچ ٢٠١٤، اسفند ١٣٩٢

١٤. سۆسیالیزم و لیبراڵیزم: همسوئی‌ها و ناهمسازی‌ها، گفت وگو با سعید رهنما، نشریه خبری سیاسی الکترونیک ایران امروز ٢٠١٤